www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:14 30-12-2006

## گوتەبێژێک بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:

لەسێدارەدانی سەدام سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان و گەلانی عێراق.
دوای ماوەیەك لە دەرچوونی بڕیاری دادگا بۆ لەسێدارەدانی دیکتاتۆری ئێراق، کاتژمێر 6ی سەر لەبەیانی ڕۆژی 2006/12/30 کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان، دیکتاتۆر سەدام حوسێن لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە سێدارە دراو بە سزای تاوانەکانی گەیشت.
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کاتێکدا خۆشحاڵی خۆی بە لەسێدارەدانی ئەو تاوانبارە خوێنڕێژە دەردەبڕێت، لە هەمان کاتدا پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و گەلانی عێراق و سەرجەم کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و بارزانیەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەماوەی دەسەڵاتی ئەو دیکتاتۆرە بە ناڕەوا بوونە قوربانی، دەکات.
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بە لەسێدارەدانی ئەم دیکتاتۆرە، زۆر بە داخەوەیە کە نەتوانرا دۆسیەی ئەنفالکردنی 182 هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان وەك تاوانێك بە ڕەسمی لە لایەن دادگاوە لەتەك دۆسیەی دوجەیل بخرێتە پاڵ ئەم لە سێدارەدانە، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان و ئەنفالکراوەکانیش بەم هەنگاوە لە ڕووی سیاسی و یاسایی و ماددی و مەعنەوییەوە قەرەبووی ئەم کارەساتەیان بۆ بکرێتەوە. بۆ یە هەر لێرەدا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان داوادەکات دوای لەسێدارەدانی سەدامیش ئەم تاوانانەی دەرهەق بە گەلەکەمان کراوە، کە دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە لە لایەن دادگاوە تەوسیق بکرێن و بەرەسمی دانیان پێدا بنرێ.
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئومێد دەکا لە سێدارەدانی دیکتاتۆری عێراق دەرسێك بێ بۆ هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە ئێستا بە شێوەی سەدام مامەڵە لەگەڵ میللەتەکانی خۆیان دەکەن، یان لە داهاتوو دا دەیانەوێ بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن.

گوتەبێژێك بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. 2006/12/30